هۆڵەندی

# ئەوەی پێویستە لەبارەی EURODAC بیزانیت



KURDISH (SORANI)

## بۆچی من ئەم بڕۆشەرە وەدەگرم؟

تۆ ئەم بڕۆشەرە وەردەگریت چونکە داتای بایۆمەتریی تۆ پێویستە لەلایەن دامودەزگاکانەوە وەربگیرێت



داتای بایۆمەتری واتە پەنجەمۆر و وێنەی فۆتۆگرافیی تۆ.



ئەم داتایە، بەیەکەوە لەگەڵ زانیارییەکانت لەبارەی ناسنامە و زانیاریی پەیوەندیداری تر، بۆ داتابەسی Eurodac دەگوازرێتەوە.

مافەکانت لەکاتی ئەم پرۆسەیەدا و ئەوەی کە لە تۆ چاوەڕوان دەکرێت لەم بڕۆشەرەدا ڕوون کراوەتەوە.

## EURODAC چییە؟

Eurodac داتابەیسێکی ئەورووپییە کە زانیارییەکانی ئەوکەسەی کە دێتە ناو وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) هەڵدەگرێت و لەسەر بنەمای چەند هاوپۆلێکی دیاریکراو بەراوردیان دەکات. ئەم هاوپۆلانە بەوردی لەم بڕۆشەرەدا خراونەتە ڕوو.

ئەم داتابەیسە لەلایەن 31 وڵاتی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بەکار دەهێنرێت و دەتوانن داتای تۆ پێواژۆ بکەن و زانیاریی تۆ وەربگرن. ئەگەر تۆ بۆ وڵاتێکی تری یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بەبێ مۆڵەت گەشت بکەیت و دووبارە داتایەکەت وەربگیرێتەوە، ئەوا هەموو ئەو داتایەی کە لە Eurodacدا هەڵگیراوە لەلایەن دامودەزگاکانی ئەو وڵاتەوە دەبینرێت. لە هەندێک حاڵەتدا، داتای تۆ بە زانیاریی نوێ تازە دەکرێتەوە.

## وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) کامانەن؟

**تۆ ئێستا لە هۆڵەندی  کە وڵاتێکی (EU+)یە.**
**وڵاتەکانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) ئەمانەن:**


27 وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا: نەمسا، بەلجیکا، بولگاریا، کرۆتیا، قوبرس، چیک، دانیمارک، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیتاڵیا، لاتڤیا، لیتوانیا، لوکسمبۆرگ، ماڵتا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، پورتوگاڵ، کۆماری ئیرلەندا، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و

4 وڵاتی دیکە: ئایسلاندا، لیختنشتاین، نەرویج، سویسرا.

## ئامانجی EURODAC چییە؟

EURODAC پێنج ئامانجی سەرەکی هەیە:

- یارمەتیدانی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام وڵاتە بەرپرسە لە پشکنینی داوانامەی پارێزبەندیی نێودەوڵەتی
- یارمەتیدانی چاودێریکردنی کۆچی یاسایی و نایاسایی بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+)
- هاوبەشکردنی زانیاریی لەنێوان دامودەزگا نیشتمانییەکان و ڕێگریکردن لە تاوان و تیرۆر
- دڵنیابوونەوە لەوەی ئەو منداڵانەی کە دەگەنە ئەورووپا دەکرێ بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و بپارێزرێن
- دڵنیابوونەوە لەوەی داتابەیسە ئەورووپییەکانی تر زانیاری لەسەر لایەنەکانی وەکوو ڤیزای تێدایە بەدروستی کار دەکەن.



## داتای کێ لە EURODACدا هەڵدەگیرێت؟

Eurodac داتای ئەوکەسانەی تێدایە کە هاووڵاتی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) نین و کەسانێکن کە:

- داواکارییان بۆ پارێزبەندیی نێودەوڵەتی پێشکەش کردووە
- سنووری وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+)یان بەبێ مۆڵەت بڕیوە
- لە وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) دابەزێنراون دوای ئەوەی لەناو دەریا ڕزگار کراون
- بە شێوەی نایاسایی لە وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) دەمێننەوە
- لەڕێگای بەرنامەی نیشتەجێکردنەوە یان وەرگرتنی مرۆیی یان بەرنامەی نیشتەجێکردنەوەی نیشتمانی گەیشتوونەتە وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+)
- پارێزبەندیی کاتییان پێبەخشراوە.

## کێ دەتوانێت داتای من ببینێت؟

دامودەزگا نیشتمانییەکانی پەنابەری لەو وڵاتەی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) داتای بایۆمەتریی تۆ وەردەگرن و، بەیەکەوە لەگەڵ داتای پەیوەندیداری تر، دەیگوازنەوە بۆ Eurodac و ئەنجامی بەراوردکارییەکە وەردەگرنەوە.

ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپا بۆ هەماهەنگیی جێبەجێکردنی یاسا و پۆلیسی نیشتمانی دەکرێ داوای دەستگەیشتن بە Eurodac بکەن بە مەبەستی ڕێگریکردن، دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە تاوانی گەورە و تیرۆر. ئەوان دەکرێ لە Eurodac بۆ داتای تۆ بگەڕێن.

❗ **گرنگ!** دامودەزگاکان لە وڵاتی نیشتمانی تۆ ناتوانن دەستیان بەم زانیارییانە بگات.

## چی ڕوودەدات ئەگەر من ڕەتی بکەمەوە کە پەنجەمۆرم وەربگیرێت؟



تۆ بەپێی یاسا ناچاریت کە داتای بایۆمەتریی خۆت پێشکەش بکەیت.

لەبەر هۆکارگەلێکی گرنگ پەنجەمۆری تۆ پێویستە. ئەگەر تۆ داواکاریت بۆ پەنابەری پێشکەش کردبێت، ئەوا ئەمە هەنگاوێکی گرنگی ڕێکارەکەیە.

داتای پەنجەمۆر هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دۆزینەوەی ئەندامانی تری خێزان کە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانیدان (EU+).

ئەگەر سەرەپەنجەکانت تێکچووبن، ئەوا پەنجەمۆرەکان لە داهاتوودا وەردەگیرێنەوە.

ئەگەر تۆ بەئەنقەست پەنجەمۆرەکانت تێکبدەیت، ئەوا دەرەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە.

بۆ نموونە، ئەگەر تۆ داوانامە بۆ پەنابەری پێشکەش بکەیت، ڕەنگە ڕێوشوێنەکە ڕابگیرێت.

ئەگەر ڕێوشوێنەکە لە دۆسیەی تۆ ڕابگیرێت، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ چیتر بە داواکار (پەناخواز) دانانرێیت. تۆ مافەکانی پەیوەست بەو سیفەتە لەدەست دەدەیت، ئێستا و لە داهاتوودا.

دامودەزگاکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) ڕەنگە ڕێگای زۆرەملێ بگرنە بەر وەک کۆتا هەوڵ بۆ دەستکەوتنی داتای بایۆمەتریی تۆ. ئەوان لەوانەیە دەستبەسەریشت بکەن، وەک ڕێکاری کۆتا هەوڵ، بۆ دەستنیشانکردن یان پشتڕاستکردنەوەی پێناسی تۆ.

ئەگەر تۆ ڕەتی بکەیتەوە کە داتای پەنجەمۆری خۆت لەم وڵاتەدا پێشکەشی دامودەزگاکان بکەیت، ئەوا دەرەنجامی تایبەتی دەبێت.

بۆ نموونە ئایا تۆ داواکاری پەنابەریت پێشکەش کردووە و ڕەتیدەکەیتەوە پەنجەمۆرەکانت دابین بکەیت؟ پاشان ڕەنگە داواکارییەکە ڕەت بکرێتەوە یان ڕێکارەکە کۆتایی پێبهێنرێت.

## مافەکانی من پەیوەست بە داتای EURODACی من چین؟

هەر وڵاتێکی یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیوەستەکانی (EU+) دامودەزگایان بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی داتا هەیە. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە پەیوەندی بە ڕێکخەری داتا و بەرپرسی پاراستنی داتا بکەیت و داوای دەستگەیشتن بە داتای خۆت بکەیت کە لە Eurodac دا هەڵگیراوە.

تۆ دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە زانیارییەکانت ڕاست بکرێتەوە ئەگەر پێت وایە:

- نادروستە و پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە
- ناتەواوە و پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە

تۆ دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە زانیارییەکانت بسڕدرێنەوە ئەگەر پێت وایە

- بە شێوەی نایاسایی بۆ Eurodac زیاد کراوە.

تۆ دەتوانیت وردەکارییەکانی پەیوەندی بۆ ڕێکخەری داتا و بەرپرسی پاراستنی داتا لە لاپەڕەی کۆتایی ئەم بڕۆشەرە ببینیت، بە ناونیشانی **'زانیاریی سوودبەخشی تر'**.

ئەگەر بتەوێت کە سکاڵای فەرمی لەبارەی مامەڵەکردن بە داتای تۆوە پێشکەش بکەیت، ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە دامودەزگای سەرپەرشتیاری نیشتمانییەوە بکەیت.

تۆ دەتوانیت وردەکارییەکانی پەیوەندی بۆ دامودەزگای سەرپەرشتیاری نیشتمانی لە لاپەڕەی کۆتایی ئەم بڕۆشەرە ببینیت.

# زانیاریی گرنگی تر

## زانیاری لەسەر وردەکارییەکانی پەیوەندیی نووسینگەی ڕێکخەری داتا

لە خوارەوە تۆ دەتوانیت زانیاری لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە نووسینگەی ڕێکخەری داتا و بەرپرسی پاراستنی داتا لەم وڵاتە ببینیت.

ڕێکخەری داتا دەتوانێت زانیاریت پێبدات لەبارەی ئەوەی کام داتا کەسییەت لە Eurodacدا هەڵگیراوە. ئەگەر داتای کەسیت بەدروستی هەڵنەگیرابێت، ئەوا دەتوانیت داوا بکەیت کە ئەم داتایە ڕاست بکرێتەوە.

ئەگەر وا هەست دەکەیت کە هەر زانیارییەکی تۆ بە شێوەی نایاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت ئەوا دەتوانیت داوا بکەیت ئەم زانیارییە بسڕدرێتەوە ئەمە بە بەکارهێنانی زانیاریی پەیوەندیی خوارەوە.

لە www.ind.nl/en/privacy دەتوانیت بخوێنیتەوە کە چۆن دەتوانیت داتاکانت دەستکاری بکرێت یان بسڕدرێتەوە..

## زانیاری تایبەت بە دەوڵەتی ئەندام سەبارەت بە مافەکانی بابەتی داتاکان

لەم وڵاتەدا، تۆ ئەم مافە تایبەتانەی خوارەوەت هەیە سەبارەت بە بەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکانت.

دەتوانن لەم لینکەدا دەربارەی مافەکانتان بخوێننەوە .www.ind.nl/en/privacy

## زانیاری لەسەر وردەکارییەکانی پەیوەندیی دامودەزگا سەرپەرشتیارە نیشتمانییەکان

تۆ دەتوانیت ئەم زانیارییەی خوارەوە بۆ پەیوەندیکردن بە دامودەزگای سەرپەرشتیار لەم وڵاتە بەکار بهێنیت.

تۆ دەتوانیت سکاڵای فەرمی لای دامودەزگای سەرپەرشتیار پێشکەش بکەیت ئەگەر وا هەست دەکەیت هەر داتایەکی کەسیی تۆ بە شێوەی نایاسایی مامەڵەی لەگەڵ کرابێت.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی www.autoriteitpersoonsgegevens.nl/en/contact بکەن.

# تێبینییەکانم

Immigratie- en Naturalisatiedienst
Ministerie van Justitie en Veiligheid

EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

ئەم برۆشەرە تەنها بۆ مەبەستی زانیارییە. خۆی لە خۆیدا هیچ ماف یان بەرپرسیارێتییەک نابەخشێت. ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپا بۆ پەنابەری (EUAA) ناوەڕۆکی سەرەکیی ئەم نووسراوەی دابین کردووە، و بەرهەمهێنانەوە یان دەستکاریکردنی ئەم برۆشەرە لەلایەن EUAA تەنها بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا ڕێپێدراوە. EUAA هیچ بەرپرسیارێتییەک یان گرتنەئەستۆیەک ناگرێتە ئەستۆ پەیوەست بە وردێتی، ناوەڕۆک، تەواوێتی، یاسایی بوون یان جێمتمانەیی ئەو زانیارییەی کە لەلایەن وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا یان هەر لایەنێکی سێیەمی بەرپرسی تر خراوەتە ناو ئەم برۆشەرەوە. نە EUAA هیچ کەسێک کە لە جیاتی EUAA لێپرسراونییە لە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لەم نامیلکەیەدا دەیدۆزیتەوە.

© ئاژانسی یەکێتیی ئەوروپا بۆ پەنابەری، 12 juni 2026